
# قسەیەك لە سەر زمانی نوسین لە سایتە کوردییەکاندا



مەجید سالْح

میدیای ئەلکترونی کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە بە شێوەیەکی بەربلاْو دەستی بەکار کرد، پەنجەرەیەکی جوانە تاکو لە رێگەیەوە پەیامنێران زانیاری وبۆچوون و ئایدیاکانیان بگەیەننە زۆرترین پەیام وەرگر لە هەموو کونج وکەلەبەرێکی ئەم کەونە. لەوە زیاتر میدیای ئەلکترونی جگە لەوەی کە دەخوێنرێتەوە دەبینرێت ودەبیسترێت، بە مانایەکی تر کاری سیْ کەناڵی راگەیاندن لە یەك ساتدا دەکات. لە تایبەتمەندییەکانی تری میدیای ئەلکترۆنی ئەوەیە کە رێگەی بۆ سانسۆرچییەکان نەهێشتوەتەوە تاکو بە مەقەستەکانیان چییان بوێت بیبڕن. جیگەی دڵخۆشیەکە ئێمەی کورد هێندە دواکەوتوو نین کە نەتوانین کەڵك لەو تەکنەلۆژیایە پێشکەوتووە هاوچەرخەی پەیوەندیکردنی(واتا میدیای ئەلکترۆنی) وەر نەگرین. لەوەش دڵخۆشکەرەتر ئەوەیە جگە لە سایتە رەسمییەکانی حزب وحکومەت ئێستا بە سەدان سایتی شەخسی وگروپ ویانە و...هتد لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بە زمانی کوردی هەن، هەندێك لەو سایتانە رۆژگارێك گەیشتنە ئەو رادەیەی کە لە هەموو جیگەیەك کە کوردی تێدا بوو تەماشا دەکرا. لەوانەیە زیادە رەوی نەبێت گەر بڵێن کورد گەورەترین سودمەندە لەم تەکنەلۆژیا هاوچەرخە، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی پێشتر زۆرترین سانسۆر لە دژی ئێمەی کورد لە لایەن دەزگا سیخوڕی واعلامیەکانی داگیرکەرانەوە پەیڕەو دەکرا. لە بەرامبەردا ئێمەی کوردیش یان دەبوو بیْ دەسەلاْت و دەستەو ئەژنۆ لیْ دانیشن، یاخود دەبوو لەو شاخ وداخانەی کوردستان بە نامەی چکلێتی و پەیغامی زارەکی وبلاْوکراوەی سەرتایی پەیامەکانمان بە هەزار زەحمەت ودەردیسەری بگەیەنینە پەیام وەرگرەکانمان. وەلحاسلْ..ئینتەرنێت ئەوەی بۆ ئاسان کردووین بە خیراترین کات لەم پەڕی کوردستانەوە بۆ ئەو پەڕی کوردستان ئاگامان لە یەك بێت ودونیاش لە بارودوخی خۆمان وە ئاگا بێنین.

بەلاْم جیگەی داخە ماوەیەکە هەندێك لەو سایتە کوردیانە کە جێگەی ئومێد بوون بۆ زۆر لە ئێمەی پەیام وەرگر وپەیامنێر، لە جیاتی ئەرکە نیشتمانی ونەتەوەیی وئینسانییەکانیان، بوونەتە پێگەیەك بۆ سراعی شەخسی وناوزڕاندن و تۆڵەسەندنەوە و یەکتر شکاندنەوەو کەمکردنەوەی پیرۆزی شتە پیرۆزەکان وناوزڕاندنی سەرکردەکانی کورد وتەنانەت گاڵتە کردن بە پێشمەرگە وخەباتی زۆر کەسایەتی ناودار....هتد. لە هەندێك حاڵەتدا ئەو تۆمەتانە گەیشتونەتە رادەیەك دوژمانی نەتەوەکەمان نەویان وێراوە قسەی وا بکەن. لە راستیدا ئەو جۆرە نوسینانە لە لایەن هەرکەسێکەوە

بێت ، نەك هەر مایەی شەرم وتۆڕەییە، بەڵكو گاڵتەكردنە بەوانەی سەردانی ئەو سایتانە دەكەن . راستە سانسۆر لە میدیای ئەلكترونیدا بوونی نییە، وهەموو كەسێك دەتوانێت بە هەڵبژاردنی ناوێكی خوازراو یان ئاشكرا كێی بوێت داشۆرێت وهەرچی شتی نەشیاوە بیداتە پاڵی، بەڵام كۆمەڵێك پرەنسیپی ئەخلاقی وئینسانی هەن نابێت رەچاو نەكرێن..هەروەها مرۆڤی تەواو ودور لە نەخۆشی دەروونی هەمیشە خۆی سانسۆرێكی ئەخلاقی لە سەر گوفتار ورەفتار و تەنانەت بیركردنەوەی خۆی دادەنێت ..جگە لەوەش كاری رۆژنامەنووسی ونوسین لە سایتەكاندا هێندە جێگەی بەرەڵایی نییە هەركەسێك توانی چەند دێرێك بە كیبۆردی كۆمپیوتەرەكەی بنوسێت ، لە رێگەی ئیمەیلێكی خوازروەوە رەوانەی سایتێك لە سایتەكانی بكات وئەوانیش بۆ گەرم كردنی بازارشی خۆیان یەكسەر بلاوی كەنەوە.

لێرەدا دەمەوێت رووی قسەم بكەمە ئەو برادەرانەی كە لە سەر ئەرك وماندووبوونی خۆیان هەستاوون بە كردنەوەی چەند سایتێكی ئەلكترونی و بۆ ماوەیەك بوون بە جێگەی ئومێدی زۆر لە نووسەران وروناكبیرانی كورد، تاكو لە رێگەیانەوە ئاڵوگۆڕی بیرو راوو نوسینەكانیان بكەن. ئایا لە خۆیان ناپرسن بۆ ئێستا زۆر لە نووسەرە ناودارەكان وازیان لە نووسین بۆ ئەو سایتانە هێناوە؟ ئایا لاسایی كردنەوەی فیلمە میسرییەكان كە پێیان وابوو(جمهور عایزە كدە) دەیانگەیەنێتە كویێ؟!لە راستیدا هۆكاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەرانی راستەقینە شەرم دەكەن كاتێك نوسینەكانی خۆیان لە تەنیشت نوسینێكی پڕ لە جوێن وموهاتەرات بەم وبەو دەبینن.. بۆیە پێم وایە پێویستە لە سەر سەرنووسەری ئەو سایتانە بۆ گەڕانەوەی  هەیبەت وناوبانگی و كارایيان پێویستە بەو هەڵانەدا بچنەوە كە وای لێ كردوون بەرەو (سایتی زەرد ) بچن . بە راستی ئەو زمانەی كە ئێستا لەو سایتانەدا پێی دەنووسرێت هەرگیز لە زمانی مرۆڤی هۆشیارو روناكبیری ئەم زەمەنە ناچێت..زمانێكە قیزەون و كە دەیخوێنیتەوە رشانەوت دێت ....